

وەرگێڕانی: ئارام مەحموود

«جیهاد جێگەی ئایدیای شۆڕش و ئومەت جێگەی پرۆلیتاریای گرتووەتەوە»

گفتوگۆ لەگەڵ ئۆلیڤەر ڕۆوا

ئیسلامی ڕادیکاڵ بزووتنەوەیەکی ناڕازییە. لە ڕاستیدا بزووتنەوەی گەنجانە و پێدراوەکانیش پێمان دەڵێن مامناوەندی تەمەنی جیهادییەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ کەم و کەمتر دەبێتەوە. بە بۆچوونی (ئۆلیڤە روا) ئەمجۆرە ئیسلامە زیاتر لەسەر بنەمای کولتوری شەقامە، واتا کولتوری گەنجە ڕۆژئاواییەکان. لەبارەی مەیلی ئەم گەنجانە بۆ ئیسلامی دەتوانرێت بوترێت، لەوانەیە پاشخانی ئیسلامیان هەبووبێت، یان پێیانوایە ئیسلام لەم سەردەمەدا ئایدۆلۆجیای بەرەنگار بوونەوەیە. خاڵی جێ سەرنج لێرەدا ئەوەیە کە ئیسلامی ڕادیکاڵ تەنیا ئایدۆلۆجیای بان نەتەوەیی، جیهانی و دوژمنکارە کە ئێستا لە بۆرسەدایە. ئەگەر بتانەوێت ناڕازی بوونەکانتان دەربڕن چی ڕێگەیەکتان لەبەردەمدا ماوە؟

ئۆلیڤە روا، چەند دەیەیەکە وەک یەکێک لە خاوەن بیر و بۆچوونەکان و شیکەرەوەی بەرجەستەی ئیسلامی سیاسی ناسراوە. لە کێبەکانی دەتوانرێت ناوی ئیسلامی بە جیهانیبوو، نەزانی پیرۆز، کە هەوڵدانێکە بۆ شیکاری ئیسلامی ڕادیکاڵی هاوچەرخ. لە دیدی ئەوەوە ئیسلامی ڕادیکاڵی هاوچەرخ پەیوەندییەکی زۆری بە دروشمە ئایینییەکان و لە هەمووی گرنگتر هێزە دژە قەڵەمڕەوەکان و بێگانەسازە چالاکەکان لە جیهانی مۆدێرندا نییە. ئەو جەخت دەکاتەوە لەسەر جیاوازی نێوان ئیسلامی ڕادیکاڵی هاوچەرخ لەگەڵ ئیسلامگەرایی سیاسی ناسیۆنالیستی لە دەیەکانی *1970* و *1980*. بە وتەی روا جیهادییە گەنجەکانی ئەمڕۆ (بە دیاریکراوی مرۆڤی مەزهەبی نین) و مەیلیان بۆ ئیسلام تەنیا ئامرازێکە بۆ دەربڕینی (شۆڕشی نەوەیەک)، واتا دابڕان لە نەوەی باوانیان و دژایەتی کۆمەڵگە. لێرەدا چاوپێکەوتنێکی ئۆلیڤە روا دەخوێننەوە:

*** تۆ ئاماژەت بەو خاڵە کرد کە ئەوەی ئیسلامی ڕادیکاڵ پەروەردەی دەکات، هاوشێوەی ئەوەیە کە ئێمە لە سەرجەم ئایدۆلۆجیا ناڕازییەکان دەیبینین، وەک بزووتنەوەی دژە بە جیهانی بوون، یان (ئایینی نیو ئەیج)[1]. بەڵام وەک دیارە ئەو هەستی وروژاندنەوەی ئیسلامی ڕادیکاڵ هەیەتی، بزووتنەوەکانی تر نیانە. ئایا ئیسلامی ڕادیکاڵ دەتوانێت خۆی وەک بزووتنەوەیەک بناسێنێتم کە بە تەواوی لە دەرەوەی سیستمە؟ بۆچی؟**

- ئیسلامی ڕادیکاڵ بزووتنەوەیەکی ناڕازییە. لە ڕاستیدا بزووتنەوەی گەنجانە و پێدراوەکانیش پێمان دەڵێن مامناوەندی تەمەنی جیهادییەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە. بە بۆچوونی من ئەم ئیسلامە بزووتنەوەی گەنجانە و زیاتر لەسەر بنەمای کولتوری گەنجان و شەقامە، واتا کولتوری گەنجانی مۆدێرنی ڕۆژئاوا، کە خۆی بە ئیسلامی کردووە. لە بارەی ئەوەی کە بۆچی ئەم گەنجانە لەگەڵ ئیسلام تێکەڵ دەبن، هۆکاری جیا جیا باسکراون. لەوانەیە پاشخانی ئیسلامیان هەبووبێت، یان لەوانەیە هەڵیانبژاردبێت، وەک ئەو کەسانەی کە ئایینی خۆیان بۆ ئیسلام دەگۆڕی، چونکە پێیانوایە ئیسلام لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئایدۆلۆژیای بەرەنگار بوونەوەیە. خاڵی تاک لەم نێوانەدا ئەوەیە کە ئیسلامی ڕادیکاڵ تەنیا ئایدۆلۆجیای بان نەتەوەیی، جیهانی و دوژمنکارانەیە، کە ئێستا لە بۆرسەدایە. ئەگەر بتانەوێت ناڕەزایەتییەکانیان بە شێوازێکی تر نیشانی بدەن، کام ڕێگایانەتان لەبەردەمدا ماوە؟

شۆڕشی نهێلیستی تاک گەرایانە، خۆکوشتن، کلمباین [2] (ئویر دوز)[3]. «هیچ داهاتوویەک نییە»، بەڵام بۆ ئەمکارانە تۆ پێویستت بە ڕێکخستن نییە. ئەڵبەتە تۆ پۆدمۆس لە ئیسپانیا و بەهاری عەرەبیشت هەیە. خاڵی جێ سەرنجی بزووتنەوەکانی وەک پۆدمۆس ئەوەیە، کە سەرجەمیان بۆن و بەرامەی نەتەوەییان هەیە. سی ساڵ بەر لە ئێستا ئەم بزووتنەوانە، بزووتنەوەی ناڕازی بوونی گەنجان، جیهانی بوون، وەک بزووتنەوەی ڕاستی تۆندڕەو یان ژینگە پارێزەکانی ئەو کاتە. باشترە بزانیت کە بزووتنەوە ناڕازییە نائیسلامییەکان لە واقیعدا بزووتنەوەی دژە جیهانی بوون، بوون، هەرچەندە خۆیان بە جیهانی ببوون.

*** بەڵام پێتان وانییە کە ئەم ئینتەرناسیۆنالیزمە جیهادییە زۆر جیاواز بێت لەگەڵ فۆرمەکانی پێشوی ئینتەرناسیۆنالیزم یان نێودەوڵەتی[4]؟ ئایا دەتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە ئینتەرناسیۆنالیزمی جیهانی، جۆرێک جیهانگەرایی [5] نییە، بەڵکو ئەنجومەنی برایەتی [6] بە واتا داماڵراوەکەیەتی؟**

- خیلافەت بە واتا داماڵراوەکەی، دیاردەیەکی جیهانییە. داعش بانگەشەی ئەوە ناکات کە لە هەوڵی زیندوو کردنەوەی خیلافەتی عوسمانی یان دەوڵەتێکی تڕە. خەڵکانی ئیسپانیا بە ئیسپانیایی ناو دەبەن و خەڵکی بەلجیک بە بەلجیکی، بەڵام جیهادییەکان دەڵێن «داعش لە حەقیقەتدا جۆرێک ئەنجومەنی برایەتییە. ئێوە لە ناو ئێمەدا خەڵکانی چین-یشتان هەیە.» ئەوان دەڵێن «نەژادی ئێمە گرنگ نییە.» زۆرێک لە ڕەش پێستەکانیش دەبینڕێن، ئەوام دەڵێن «لەناو داعشدا ئیتر من بە ڕەش پێست هەژمار ناکرێم.» ئەمە جۆرێک بە جیهانی بوونە. ئەوان بە ئینگلیزی دەدوێن و لە واقیعدا هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ بە زمانی عەرەبی قسە کردن نییە. داعش لەسەرەتاوە بۆی دەرکەوتبوو کە پێویستی بە عەرەبەکان نییە. ئەوان بە زمانی عەرەبی وانە نالێنەوە و ئەندامەکانی بە فەرەنسی و ئینگلیزی دەنووسن. داعش بزووتنەوەیەکی نێودەوڵەتییەوە. (جیهاد) جێگەی ئایدیای شۆڕش و (ئومەت) جێگەی پرۆلیتاریای گرتووەتەوە.

*** بەڵام ئەم شتانە واتا شۆڕش و پرۆلیتاریا، لەسەر بنەمای هێزە کۆمەڵایەتییە هەبووەکان دروستبوون. وەک تۆ لە کتێبەکەتدا لەبارەی ئیسلامگەراکانەوە نیشانت داوە، لە دەیەکانی 1970 و 1980دا ئیسلامگەراکان چەمکەکانی مارکسییەکانی وەک ژۆب و دەوڵەتیان بۆ چەمکە شێوە ئیسلامییەکان وەردەگێڕا، کە دەگەڕایەوە بۆ تاک یان گرووپێکی تایبەتی، بەڵام داعش نوێنەری هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی نییە. داعش نوێنەری کۆمەڵێک باوەڕ یان ئایدیای نادیارە .....**

- بەڵام پرۆلیتاریا لە دەیەکانی 1960 و 1970دا تەنیا

تێگەیشتنێکی داماڵراو بوو. لقەکانی سوپای سوور هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ کرێکارانی ئەڵمانیا نەبوو، بەڵام ئەوان بۆ پرۆلیتاریای ئینتەرناسیۆنال دەجەنگان. لێکچوونی زۆر لە نێوان داعش و شۆڕشی کولتوری چین هەیە. داعش کولتورت دەکوژێت و مزگەوتەکان وێران دەکات. داعش پالمێرای لە سوریا وێران کرد. داعشییەکان پەیکەر شکێنن. [7] ئیسلامگەراکان پەیکەر شکێن نەبوون. ئەوان ئاسەوارە میژووییەکانیان وێران نەدەکرد، چونکە ئەم کارەیان بە تاوان دەزانی. داعش بە ئاشکرا هەوڵ دەدات لە هیچەوە، جۆرێک (هۆمۆ ئیسلامیکۆس) [8] بخوڵقێنێت. ئەوان تاکەکان هاندەدەن لەگەڵ هاسەرەکانیان بچنە ناویان و وەچە بخەنەوە. ئەوان بۆ شۆردنەوەی میشکی مندالان بەرنامەی وردیان هەیە.

*** تۆ سەلەفیگەرایی، واتا (لقی بان نەتەوەیی ئیسلام کە لە رابردوو دەڕوانێت) دەخەیتە بەرامبەر ئیسلامی ناوچەیی، ناسیۆنالیزم، نەریتە ئیسلامی و ئیلاهیاتی ئیسلامی دادەنێیت، لە واقیعدا بە بۆچوونی تۆ ئیسلامی سەلەفی لە بەرامبەر سەرجەم چەمکەکانی رابردوو و ئەمڕۆی ژیانی موسوڵمانان و کۆمەڵگەی ئیسلامییە. ئایا سەلەفیگەرایی لە بنەڕەتەوە نەرێنییە؟ ئایا سەلەفیگەرایی هیچ ناوەرۆکێکی ئەرێنی نییە و تەنیا جۆرێک پاک کردنەوە و پالاوتنەوە لە ڕێگەی لەناوبردنەوە؟**

- بەڵێ، خاڵی هاوبەشی نێوان جیهادی و سەلەفییەکان ئەوەیە کە هەر دوویان پێیانوایە ئێوە دەتوانن لە هیچەوە، موسوڵمان بئافرێنن. خاڵی جیاواز ئەوەیە کە سەلەفییەکان ژیان و دروشمە ئایینییەکانیان بە گرنگ بزانن. تۆ دەبێت پێنج جار لە ڕۆژدا نوێژ بکەیت و خواردنی حەڵاڵ بخۆیت. جیهادییەکانیش دروشمی خۆیان هەیە، بەڵام ئەم دروشمانە لەگەڵ دروشمە نەریتییەکان جیاوازن. ئەوان گوێ لە سروتە ئایینییەکان دەگرن، سەلەفییەکان سروتە ئایینییەکان بە حەرام نازانن، بەڵام پێیانوایە پێویستیان پێی نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە سروتە ئایینییەکان ئامرازێکی بەهێزی داعشن.

جیهادییەکان رقیان لە دایك و باوکیان نییە، بەڵام پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەواندا پێچەوانە کردووەتەوە. کورِ بە دایکی دەڵێت «حەقیقەت لای منە و تۆ حەقیقەت ناناسی، کەواتە من مامۆستای تۆم»

*** لە بواری تایبەتمەندی ئیسلامی سیاسیدا تۆ داعش لە کوێدا دادەنێیت؟ ئایا داعش ئۆرگانی سیاسی بەرجەستە یان جۆرێک ئیلاهیاتی یەکگرتووی هەیە یان تەنیا تێکەڵەیەکە کە کاری تێکەڵ و پێکەڵ؟**

- نەخێر، بەو جۆرە نییە. لە واقیعدا داعش نەیتوانیوە دەوڵەت دروستبکات. داعش ئۆرگانێکی سەربازییە، واتا جۆرێک داگیرکەری سەربازی. ئەڵبەتە داعش کۆمەڵێک تەکنۆکراتی هەیە، بەڵام کاری ئەوان پەروەردە کردنی خەڵکی نییە. ئەوان تەنیا کتێبەکان دەگەیەننە دەستی مامۆستاکان. ئەوان تیشک دەخەنە سەر پەروەردە کردنی چینی پێشڕەو. ئەوان هەوڵ دەدەن چینێکی پێشڕەوی جیهانی دروست بکەن. ئامانجی ئەوان جۆرێک کۆمەڵگەی ئیسلامی ناوچەیی واقیعی نییە.

*** تۆ وتوتە بەر لە ئەمە لەناو ناکۆکییە ئیسلامییەکاندا، خۆبەخشە نێودەوڵەتییەکان کاریگەری ناکۆکییە نەتەوەییەکان و بارودۆخی ناوخۆییان لەسەر بووە. ئەوان هیچ رۆڵێکیان لە دیاریکردنی رووداوەکاندا نەبووە. ئایا ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە؟ ئایا ئێستا کۆپییەککی نێودەوڵەتی لە ئیسلام خەریکە خۆی بە سەر بارودۆخی نیشتمانیدا دەسەپێنێت؟**

- بەڵێ، داعش مەیلی بۆ سنور و قەڵەمڕەوەکان نییە. داعش تەنیا لەو رووەوە مەیلی بۆ قەڵەمڕەو هەیە لە تێیدا بجوڵێت. خیلافەت دەوڵەتی نیشتمانی نییە. لە بەرامبەردا ئیسلامگەراکانی وەک ئیخوان موسلمین چەمکی دەوڵەتی نیشتمانی پەسەند دەکەن، هەرچەندە لەوانەیە پێیانوابێت کە دوای دەوڵەتی نیشتمانی، تۆ جۆرێک فیدراسیۆن یان شتێکی لەو شێوەیەت هەیە. ئیسلامگەراکان هیچ کاتێک ناڵێن سنورەکان گرنگیان نییە. ئیسلامگەراکان هەمیشە و لە هەموو شوێنێک ناسیۆنالیستی ئیسلامی بوون. شتێک کە بە هیچ شێوەیەک لەبارەی داعشەوە پاست نییە.

*** ئەوەی کە جیهادییەکانی ئەمڕۆ بەردەوام لە خێزانەکانیان دابڕاون، چی گرنگییەکی هەیە؟ رۆڵی دابڕانی نەوەیەك یان وەستانەوە دژی باوك و دایك و دژی شێوازە پەسەندکراوەکانی ئەنجامدانی کارەکان لەم نێوانەدا چییە؟**

- جیهادییەکان باوانیان یان بە دۆڕاو دەزانن یان موسوڵمانی خراپ، یان هەردوویان. بە دڵنیاییەوە لێرەدا رووبەڕووی قەیرانێک لە بارەی وێنەی باوک و دایکین. بەشێکی زۆر لە جیهادییەکان لە خێزانە هەڵوەشاوەکانەوە سەریان دەرهێناوە، بەڵام ئەمە هۆکاری کۆتایی و دیاریکەر نییە. ئەوەی زۆر گرنگە، ژمارەی زۆری ئەو برایانەیە کە دەبن بە جیهادی. لە تێکڕای تۆڕەکانی پەیوەندی جیهادیدا بەلایەنی کەمەوە چەند برایەک ئامادە بوونیان هەیە. لە رووداوەکەی پاریسدا، سێ گرووپی برا کاریان کردووە. تۆ هاوشێوەیە ئەمە لە هیچ یەکێک لە رێکخراوە پادیکاڵەکاندا نابینیت، بەڵام ئەمە لەناو داعشدا بڵاوە. ئەمە لە (بریگادی سوور)دا[9] بوونی نەبوو، هەر چەندە

لەناو چەپە ڕادیکاڵەکاندا هەندێک جار ئەندامەکان لەگەڵ خوشکی ئەندامانی تر هاوسەرگیریان دەکرد.

*** کەواتە لێرەدا بابەتە ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێون نەوەی نوێدا دروست بووە، هاورێیانی قوتابخانە یان براکان. تاکەکانی نەوەیەك دژی ئەوانەی لە نەوەیەکی ترەوە ماونەوە، یەکیان گرتووە.**

- بەڵێ، هاورێیانی نزیک یان هاوشێوەی ئەوە. ئەڵبەتە چەند باریک هەن کە باوانەکان چوونە ناو جیهادییەکانەوە، بەڵام ئەمە کەمن و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. تەنیا لە ناو ئیتالییەکاندا چەند دانەیەک هەبووە، کە تێکڕای ئەندامانی خێزانێک چوونە ناو داعشەوە. باشە، هەرچۆنێک بێت ئەمانە ئیتالیایین! لە شوێنەکانی تر بینەری دابڕانی نەوەیک بووین. وەک دەردەکەوێت لە ئەڵمانیا 23%ی ئەو پەیوەندیانەی بە پۆلیسەوە کراون و هۆشداری دراوە لە ڕادیکاڵ بوون، لەلایەن باوانەکانەوە بووە. جیهادییەکان رقیان لە دایک و باوکیان نییە، بەڵام پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەواندا پێچەوانە کردووەتەوە. کوڕ بە دایکی دەڵێت «حەقیقەت لای منە و تۆ حەقیقەت ناناسی، کەواتە من مامۆستای تۆم.» یان «من پێش تۆ دەمرم بۆ ئەوەی تۆ رزگار بکەم.» کەواتە لێرەدا بینەری جۆرێک پێچەوانە بوونەوەی نەوەیەکین.

*** رۆڵی (خود) [10] لە فۆرمە نوێیەکانی ئیسلامدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ئایا ئەم فۆرمە نوێیانە گەرەنتی گەڕانەوە بۆ (خود)ن؟ تۆ دەڵێیت ئێمە ڕووبەڕووی دیاردەیەك بە ناوی (ئایینی تاك)ین، بەڵام ئایا ژیانی دەروونی تاکەکان لە بنەڕەتدا هیچ ڕۆڵێکیان لەم نێوانەدا هەیە؟ تۆ ئایینی نوێ بۆ نمونە بە جۆرێك (هێما) [11] دەناسێنیت، کە خۆی لە فۆرمە پڕ ڕەونەقەکانی وەك پۆشاك و کاروباری لەمجۆرەدا دەنوێنێت. ئایا ئایینی ئیسلامی نوێ، زیاتر لەوەی ناوەکی بێت، دەرەکییە؟**

- بەڵێ، ئەم ئیسلامە لە هەوڵی برایەتی، پەیوەندی گرووپی و پەیوەندی گەرم و برایانەیە. ئەم ئیسلامە هیچ پەیوەندییەکی بە گەڕانی تاک بە دوای حەقیقەتدا نییە. بۆ نمونە جیهادییەکان هیچ کاتێک لەبارەی کارەکانی وەک چاودێڕی و تێڕامان نادوێن. ئەوان هیچ کاتێک نالێن «تەواوی دوێنێ شەو بیرم دەکردەوە» و رستەی لەم شێوەیە. ئەمە شێوازی کاری ئەوان نییە. سروتە ئایینییەکان بەردەوام جۆرێک هاوئاوازییە و تۆ هیچ کاتێک بە تەنیا نایلێیتەوە. یەکێک دەیلێت و دواتر ئەوانی تر درێژەی پێدەدەن.

*** بە بۆچوونی تۆ سەرەکیترین تێگەیشتن لە ئیسلامی ڕادیکاڵدا (جیهاد) و (ئومەت)ە. پەیوەندی نێوان ئەم دوو چەمکە چییە؟**

- تۆ بۆ بەرگری لە ئومەت شەڕ دەکەیت. هێرش کراوەتە سەر ئومەت و منیش هەمان ئەو پاڵەوانەی شەڕم و ئومەت دەپارێزم. ئەوان هەموویان یەک شت دەڵێن «دەمرم، بەڵام دەچم بۆ بەهەشت.»

*** بەڵام اللە چی؟ ئایا ئەوان لەبارەی ئەوەوە دەدوێن؟ ئایینەکانی تر لەوانەیە زاترسەرقاڵی باسی چی بوونی جەوهەری خوان. پەیوەندی من لەگەڵ ئەو ...**

- نەخێر، پەیوەندی سەرەکی جیهادی بە خواوە نییە، لەگەڵ (محەمەد) پەیامبەرە. ئەوان بۆ رزگاری ئومەت شەڕ دەکەن و وەک ئەوەی لە رووداوی چارلی هیبدۆ بینیمان، دەیانەوێت تۆڵی (محەمەد) پەیامبەر بکەنەوە، چونکە چارلی هیبدۆ بە کاریکاتێرەکانی گاڵتەی بە پێغەمبەری ئیسلامی کردبوو. بابەتی جیهادییەکان زیاتر پەیوەندی بە (محەمەد) پێغەمبەرەوە هەیە، نەک پەیوەندی لەگەڵ (اللە).

*** کاتێک لەم بارەیەوە دەدوێیت، کە بونیادگەرا نوێیە موسوڵمانەکان ئێستا بوونە ڕۆژئاوایی، ئایا ئەم بابەتە زیاتر پەیوەندی بە بازاڕ و تەکنەلۆجیاوە هەیە، نەک کولتوری ڕۆژئاوا؟**

- لێرەدا ڕووبەڕووی شتێکی زیاتر لە تەکنەلۆجیاین. لێرە ڕووبەڕووی جۆرێک تاکگەراییین. خودی باسی گەنجی پیرۆز دەکرێت. تۆ بە کولتوری گەنجانە، کولتوری پۆشینی پۆشاک، کولتوری سەر شەقامەکان، میوزیک و .... ڕووبەڕوویت و جیهادییەکان لە بارەی ئەمجۆرە شتانەوە دەدوێن. ئەوان وەک سەلەفییەکان پۆشاک ناپۆشن، ستایلی تایبەتی خۆیان هەیە. چەکی تایبەتی لە نێوان خۆیاندا هەیە و ئەم چەمکانە بە تایبەتی تەنیا بابەتی زمانەوانی نین، بەڵکو لە خۆیدا هەڵگری کولتورە. جیهادییەکان لە ئەڵمانیا، فەڕەنسا، بەریتانیا امنی گەنجامەی تایبەتی خۆیان هەیە. ڕۆژنامەنووسێکی فەڕەنسی بۆ ماوەی ساڵێک لای داعش بەندکرابوو، ئەو لە ماڵێکدا بەند کرابوو کە پاسەوانەکانی فەڕەنسی بوون. ئەو ڕۆژنامەنووسە دەیگێڕایەوە کە پاسەوانەکانی فەڕەسنی ڕەسەن بوون. ئەوان لەبارەی هەموو شتێکەوە سکاڵایان هەبوو (خواردن، کەش و هەوا، یاسا سەربازییەکان)، بەڵام دەتوانرێت بوترێت کولتوری جیهادییەکان لە کولتور، فەلسەفە و ئەخلاقی کلاسیکی ڕۆژئاوا دابڕاوە. ئەوان نوێنەری کولتوری گەنجە ڕۆژئاواییەکانن. ئەم کولتورە لەسەر بنەمای بازاڕی بەکاربردنی جیهانی دروستبووە.

***شیکاری تۆ لەبارەی خۆکوژەکان چییە؟ دەزانیت کە ئەوان وەک مەبەست بەکاردەهێنرێن، نەک تەنیا ئامراز. ئایا ئەم خۆکوژانە تەنیا دەیانەوێت باوەڕیان بە خۆیان بسەلمێنن، چونکە خوازیاری مردنن یان لێرەدا تەنیا ڕووبەڕووی جۆرێک خۆنواندنین؟**

- دەیانەوێت خۆیان بنوێنن، ئەڵبەتە خۆکوشتنیان دەربڕینێکی تری هەیە بۆ ئەو بابەتەی کە (هیچ داهاتوویەک بوونی نییە). جیهادییەکان هیچ داهاتوویەکیان نییە، تەنیا داهاتووی بەردەمی ئەوان بەهەشتە. ئەوان باوەڕیان بە ژیان و یۆتۆپیا نییە. کۆمەڵگەی ئیسلامی سوریا بۆ ئەوان هیچ گرنگییەکی نییە، ئەوان بۆ ئەوەی سوریایی یان عێراقییەکان ببنە موسوڵمانی باش هیچ هەوڵێک نادەن، بۆ ئەوان هیچ گرنگییەکی نییە، ئەوان دەیانەوێت شەڕ بکەن، بە هیچ شێوەیەک بیر لە ئامانجی کارەکایان

ناکەنەوە. ئەوان تیرۆرانێکی (آخر الزمان)یان هەیە، پێیانوایە هەر چۆنێک بێت خەریکە دونیا لە کۆتایی خۆی نزیک دەبێتەوە. هیچ داهاتوویەک لەبەردەمی ئەواندا نییە، ئایینەدەی ئیسلامییش.

*** کەواتە ئە هۆکارە مەعنەوییەی لە تەواوی گرتە ڤیدیۆییە جیهادییەکان دراوە چی؟ ئەو شەهیدانەی لە خۆشیدا لە پێستی خۆیاندا جێگەیان نابێتەوە...**

- دەبێت جیاوازی دابنێین لە نێوان ئەوانەی دەچن بۆ جیهاد و مەبەستی کردەی خۆکووژیان نییە، لەگەڵ ئەوانەی ئامانجیان تەنیا ئەنجامدانی کردەی خۆکوژییە. ئەوانەی بۆ کردەی خۆکوژی دەچن، دەزانن ئەگەر خۆشیان نەتەقێننەوە، هەر دەکوژرێن. مەرگ بۆ ئەوان زۆر گرنگە. لە ساڵی 1995وە ئەوانەی کە کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، کەدەی خۆکوژیش ئەنجام دەدەن. ئەوان دەتوانن کاری زیاتر بکەن، بێ ئەوەی دەست بۆ کردەی خۆکوژی ببەن. بۆمب دانەرانی لەندەن زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی بۆمبەکان بچێنن و بڕۆن، بەڵام لەوێ مانەوە و کوژران. بە بۆچوونی من ئامانجی سەرەکی ئەوان مەرگە. لێرەدا ڕووبەڕووی ئەو تیرۆریستانە نین کە بە ڕێکەوت لە کاتی ئەنجامدانی چالاکیدا دەکوژرێن، نەخێر ئەوان دەیانەوێت خۆیان بکوژن. ئەم بابەتە ناوازەیە.

لە ڕووی مێژووییەوە چەکدارە فەلەستینییەکان هیچ کاتێک کردەی خۆکوژی ئەنجام نادەن. ئەوان خەڵکانێکی زۆریان دەکوشت، بەڵام شیوازی کارەکەیان بەو شێوەیە بوو کە بۆمبەکەیان لە شوێنە دادەنا و دەڕۆیشتن. ئەوە حزبوڵا بوو کە سوودی لە کردەی خۆکوژی بۆ تەقاندنەوەی بنکە ئەمەریکاییەکان وەرگرت، چونکە تەنیا لە ڕێگەی هێرشی خۆکوژییەوە دەتوانیت بنکەیەکی سەربازی بتەقێنیتەوە. ئەم بڕیارە لە ڕوانگەی سەربازییەوە، بڕیارێکی عەقڵانی بوو، بەڵام بۆمب دانەرانی لەندەن، بە هیچ شێوەیەک بە شێوەیەکی عەقڵانی ڕەفتاریان نەکرد. ئەگەر نەکوژرانایە، ئەوا هیچ جیاوازییەک لە دەرەنجامی چالاکییەکەدا دروست نەدەکرد. ئەوان دەیانتوانی دوای دوو هەفتە بێنەوە و دووبارە چالاکی تر ئەنجام بدەن. ئەوە عەقڵانی نییە کە باشترین چەکدارەکانت یەک لە دوای یەک لەدەست بدەیت. چیرۆکی (مولنبک)[12] ئێستا تەواو بووە. ئەمڕۆ یتر هیچ کەسێک لە (مولنبک) ناتەوێت کارێک بکات. ئەوانەی لە برۆکسل خۆیان تەقاندەوە لەبەر ئەوە پەنایان بۆ ئەو کارە برد کە سەرجەم هاوڕێکانیان کوژرابوون. ئەوان لەبەر ئەوە خۆیان لە برۆکسل کوشت، چونکە برۆکسلی بوون.

*** کەواتە بابەتەکە تاقیکردنەوەی دەروونی باوەڕیان نەبوو....**

- ئەوان دڵنیا بوون کە دەچن بۆ بەهەشت، کەواتە بەم واتایە کارەکەیان لایەنی ئایینی هەبوو، بەڵام پێیانخۆش بوو زووتر بچن بۆ بەهەشت، چونکە پێیانوابوو ژیان بەهای تێدا ژیانی نییە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە لە بنەڕەتدا بە ناوی (Generation jihadi) لە وێبسایتی (https://www.spiked-online.com/2016/01/07/generation-jihadi/) بڵاوکراوەتەوە.

[1] New-age religions

[2] Colombine: ئاماژەیە بۆ کوشتاری ناو خوێندنگەی (کۆلۆمبیان لە ئەمەریکا.

[3] Nuit Debout: بزووتنەوەی ناڕازی فەڕەنسا بۆ بەرەنگار بوونەوەی یاسای کار.

[4] cosmopolitanism

[5] universalism

[6] brotherhood

[7] iconoclastic

[8] homo Islamicus

[9] Red Brigades

[10] self

[11] marker

[12] Molenbeek: ناوچەیەک لە برۆکسل، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی بە رەگەز تورک و مەغریبین. بە هۆی پشتیوانی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە تیرۆریستان، ئەو ناوچەیە بە (بەهەشتی جیهادییەکان) ناو دەبەن.

نوێترین بڵاوکراوەی
دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
2018idea@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea

سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران
07705996990 - 0533220180